# ئەڤینداریکی شیعر

Paul Valèry/پۆل ڤالێری (*)
و. لە سوێدییەوە: هەندرێن


ڤالێری

ئەگەر من لە هیکرا لە بیرکردنەوەی خۆمەوە رابمێنم، ئەمە واملێدەکا کە بێ خەمڕەوێنێک خەمی ئەو ئاخاوتنە ناوەکییە بێ خاوەنە یان بێ بنەچەکەیە؛ ئەو وێنایە بێ مانایانە؛ ئەو ئەرکە بێکۆتاییانە هەڵبگرم کە لە توانای خۆیاندا پچڕاون، کە لە شتێکەوە بۆ شتێکی تر دەگۆڕێن، بێ ئەوەی هیچ گۆڕانێکیش رووبدا. ئەو بیرکردنەوەیە لە سروشتی خۆیدا، پەرش و بڵاوە، بێ ئەوەی وا خۆشی بنوێنێ، یەکسەر لە چاوتروکانێکدا نەک رەمەکییانە، ئەو بیرکردنەوەیە شێوازێکی گەرەکە.

لێ من هەموو رۆژێ لە توانامدا نییە کە تواناکانم بۆ بەشێک لە شێوەکانی نیشانبدەم، یان ئەو بەرەنگارییە روحییە رابگەیەنم، کە لە بری سەرهەڵگرتنە لە توانابەدەرەکەم، توانی لە دەسپێکدا کاریگەرییەک، دانسقەییەک، کۆتاییەک ببەخشێ.

شیعرێک چەشنە شوێنکاتێکە، کە من وەک خوێنەرێک، بە هاوئاهەنگییەک لەگەڵ قانوونێکی ئامادەکراودا هەناسە دەکێشم؛ من هەناسە و چۆنییەتی دەنگم؛ یان تەنیا وزە ناوەکییەکەی پێدەبەخشم، کە وا لە خۆی رادەبینێ لەگەڵ بێدەنگییدا یەکبگرێ.

ئەز بەناو بزوانێکی ئەسپ ئاسای دڵڕفێندا دادەڕمێم: بخوێنەوە، لەو شوێنەدا بژی کە پەیڤەکان سەنگی خۆیان هەیە. شێوەی بەرجەستەکراویان نووسراونەتەوە. دەنگە لێکچووەکانیان مشتومالکراون. لەرینەوەکانیان دوای رامانێکی پێشتر لێکچنراون، لە کۆپلە کۆپلەی جوانڕێژیاندا یان پاکیاندا، لە زرینگانەوەکاندا دەگەشێنەوە. تەنانەت ناچاوەڕوانییەکانیشم روودانیان شیاوە: پێشتر حەشاردراون، بەشێک لە یەکاتییەکەی پێکدەهێنن.

ئـەو نووسـینە چارەنووسسـازە وزە بەخشـە، ئەگـەر یادوەرییەکەشـم بێرِێزانـە بـە ئایینـدەیـەکی هەمیشەی کێش و سەرواکان بەند بێ، ئـەوا مـن وشـە لـە دۆخی هێزە کرێتییەکەشیدا ئەزموون دەکەم، چونکە من دەمێک بوو چاوەڕوانی ئەو لە پێوانە بەدەرییەم دەکرد. ئەو پێوانەیە، کـە مـن رەنگ دەکەم مەستم دەکا، لە راست و چەوتیدا پەنام دەدا. گومان دوو لەتم ناکا، بگـرە ئاوەزیش ئـازارم نـادا. رێککـەوت نییـە، وەلـێ بـەختێکی دانسـقەیە کـە تـەنیا تۆکمـەتر دەبـێ. مـن بـۆ ئـەو سەرکەوتنە بێ هەوڵدان زمان دەدۆزمەوە؛ بە کۆمـەکی کەرەسـەوە دەهـزرم، بیرکردنەوەیـەکی بێ دوودڵی، زانابیەکی کارامە، -لەگەڵ لەبەرچاوگرتنێکی پێشتری دەریچەکان، دوور لە سێبەرە بـێ مەبەستەکان، کە لەگەڵ ئاراستەکەیاندا ناچارم دەکـەن و تـا لێوانرێژم دەکـەن: بیرکردنەوەیـەکی نموونەیی دانسقە .



دەقێکی ڤالێری

.......................

(*) پۆل ڤالێری (1871-1945) ئەو شاعیرەیە کە بە یەکێک لە زرینگترین شاگرد و نزیکترین هاوڕێی مالارمێ شاعیر دەناسرێت. دەڵێن ڤالێری لە کاتی بە خاک سپاردنی مالارمێدا هێندە گریا بوو لەبەر ژر نەبوونەوەی نەیتوانیبوو وتەکەی لەسەر گۆڕی مالارمێ بخوێنێتەوە کە ئامادەبووان چاوەڕێیان دەکرد. سیمبوولیزم لە شیعری ڤالێریی گەنجەدا دەگاتە ترۆپک. ڤالێری لە ساڵی 1892ەوە کە ئەوکات تەمەنی بیست و یەک ساڵ دەبێ واز لە شیعر دەهێنێ و لە بری شیعر بیست ساڵ لە تەمەنی خۆی، وەک خۆی دەیگوت، بۆ "خەملاندنی بیرکردنەوەکەی" تەرخان دەکا. پاشان، وەک ئەوەی هیچ شتێک رووی نەدا بێت، دەست دەکاتەوە بە نووسینی هەمان شیعرە زرینگاوە جوانەکانی خۆی. دواجاریش لە ئاکادیمیای فەرەنسییدا هەڵدەبژێردرێ.

..............................

سەرچاوە:

گۆڤاری "Pequod"، ژمارە 40، 2007. گۆڤارێکی ئەدەبیی و هونەرییە بە زمانی سوێدی دەردەچێ. ئەم دەقەی ڤالێری لەلایەن دەستەی نووسەرانی ئەو گۆڤارەوە لە فەرەنسییەوە کراوە بە سوێدی.